# KURDISH DIASPORA

تاراوگە بڵاوکراوەیەکی ئەلکترۆنیی ناوبەناوە، لە شاری ئەمستردام لە هۆڵەندا دەردەچێت، ژمارە 1ی لە ڕۆژی 01-06-2018 بڵاوبۆتەوە.

سەردار فەتاح ئەمین سەرپەرشتی دەکات.

تاراوگە TARAWGA


**10 Nov. 2018 No. [19]**

Amsterdam, Netherlands, Editor: Sardar Fatah Amin -Email: Sardarfatah@live.nl Tel: +31 684950807


**لە تاراوگە، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەری بخوێنەوە**


10 ڕێکخراوی جیهانی ئەرەن کەسکین-یان بۆ خەڵاتی مارتین ئێنالس پالۆت..! ل1

ڕەخنەلە وتەیەکی بەناوبانگ سەبارەت بە ئافرەتان وتەکە ئەمەیە:لەپشتی هەر پیاوێکی مەزنەوە، ژنێکی مەزن هەیە،بەختیاری شەمەیی ل 2

ناسا لە کۆتایی ئەم مانگە هەنگاوێکی تری گەورە دەچێتە پێشەوە لە پشکنینی وردی هەسارەی مەریخ....! لوقمان حەویز- تێکساس.... ل3

سەرمایەی نەتەوەیی بناغەی سەربەخۆیی نەتەوەییە"کەڵەکە بوونی سەرەتایی سەرمایە" لە هەرێمی کوردستان..! ل 4 دکتۆر نەهرۆ عەلی

مامۆستا عەتا قەزاز: ل 8




KURDISH DIASPORA


سەردار فەتاح ئەمین
سەرپەرشتی بڵاوکردنەوەی دەکات
Amsterdam Holland

تاراوگە
TARAWGA

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەوالییە، لە هۆڵەندا دەردەچێت

10 November 2018
Tel&viber&WhatsApp: +31684950807
Emai: sardarfatah@live.nl
19 ژمارە
ساڵی یەکەم 10 نۆڤیمبەری 2018

# 10 ڕێکخراوی جیهانی ئەرەن کەسکین-یان بۆ خەڵاتی مارتین ئێنالس پاڵاوت




پارێزەری کورد ئەرەن کەسکین، کە بەشێکی زۆری ژیانی لە دادگا و زیندانەکان بەسەربردووە، هەمیشە وەک ژنێکی پۆڵایین بەرگری لە مافی مرۆڤی کورد و هەموو ستەملێکراوێک کردووە و دەکات. کەسکین لە پای هەوڵ و تێکۆشانەکانی لە پێناوی داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤدا، لەلایەن ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی جیهانی بۆ چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤ و 8 ڕێکخراوی تری هاوشێوەوە هاتە پاڵاوتن بۆوەرگرتنی خەڵاتی مارتین ئێنالس.

ڕێوڕەسمی بەڕێوەچوونی خەڵاتەکە مانگی شوباتی داهاتوو لە جنێڤ – سویسرا بەڕێوە دەچێت و دوو کەسی تریش بەناوەکانی مارینۆ کۆردۆبا بەڕیز (کۆلۆمبیا) و عەبدول عەزیز محمەد (ئوسترالیا)، لەپاڵ کەسکیندا بۆ هەمان خەڵات پاڵێوراون.

ئەم هەواڵە شۆکێکی گەورەی بۆ میدیاکانی تورکیا، بەتایبەتیش میدیاکانی ئاکەپە، دروست کردووە. ڕۆژنامەی "یەنی شەفەق"ی زمانحاڵی ئاکەپە هەواڵەکەی بە سەردێڕی "سکاندالی – فەزیحە" بڵاوکردووەتەوە و تیایدا کەسکینی وەک "تیرۆریست" و ئەندامی پەکەکە لە قەڵەم داوە، بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.yenisafak.com/gundem/skandal–3407530

بەڵام داخۆ بۆچوونی کام لا ڕاستە، ١٠ ڕێکخراوی گەورە و سەنگینی مافی مرۆڤ لە جیهاندا، کە لە ماڵپەڕی خەڵاتی (مارتین ئێنالس)دا وەک سەرتۆپی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە جیهاندا پۆلێندراون، یان دەوڵەتێک، کە لە سایەیدا هەموو چرکەیەک مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێت و هەموو ڕۆژێک ژیانی مرۆڤ مەحف دەکرێتەوە؟!

بەکر شوانی

## لە ڕاهێنانێکی نایابی سەگدا
## لە لایەن کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانیی هۆڵەندییەوە




کۆمپانیای فڕۆکەوانی هۆڵەندی KLM بۆ گەشتوگوزار، بۆ زیاتر خزمەتکردن بە گەشتیارانی، سەگی ڕاهێنراو بە کاردەهێنێت بۆ ئەو کاتانەی گەشتیارەکان دادەبەزن و فڕۆکە جێدەهێڵن... ئەگەر هاتوو گەشتارێک کەلوپەلێکی بیرچوو بێت، ئەوە سەگەکە پاش بۆنکردنی، ئەو شتەی بەجێماوە، بەروانکەیەکی لە پشتکراوە و شتە بەجێماوەکەی تێدەکەن و یەکسەر ڕادەکات لەناو فڕۆکەخانەدا، بە بۆن دەتوانێت خاوەنی ڕاستەقینەی کەلوپەلەکە دەدۆزێتەوە و بۆ دەباتەوە.

پەیمان سەرهەنگ

داواکارین لە تێکرای نوسەران و ڕۆشنبیران و گەنجان و خوێندەوارانی زمانزانی ئازیزی کورد لە تاراوگە، بابەتی کەلتوری هەمەجۆر و هەواڵی ئەدەبی و هونەریمان، لە زمانە زیندوەکانی وەک ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی، هۆڵەندی، هتد.. بۆ وەربگێڕنە سەر زمانی شیرینی کوردی، تا بڵاوکراوەکەمانی پێ دەوڵەمەند بکەین. هەروەها داوا لە قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ و پیشەوەرە کوردەکان دەکەین، هەواڵی سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانی خۆیانمان بۆ ڕەوانە بکەن، تا لە تاراوگەدا، بە سوپاسەوە بۆیان بڵاوبکەینەوە...

# ڕەخنە لە گوتەیەکی بەناوبانگ سەبارەت بە ئافرەتان
# لە پشتی هەر پیاوێکی مەزنەوە، ژنێکی مەزن هەیە...!



بەر لەهەر شتێک، دەبێت ئەوە بڵێم، کە بەداخەوە لە یادەوەریمدا نەماوە ئەم وتەیە هی کێیە؟، بەڵام زۆر بەناوبانگ و باوە و پێدەچێت هەر لەلایەن پیاوەوە داهێنرابێت. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بە هەزاران پەیڤی جۆراوجۆر، چی لەلایەن پیاوانە و چی لەلایەن ئافرەتان خۆیانەوە، چی بە ئەرێنی و چی بە نەرێنی سەبارەت بە ئافرەتان گوتراون، ئەم پەیڤانە ئەمڕۆ بوونەتە مێژوو. ئەم گوتەیەش یەکێکە لەو گوتانە و بەشێکە لەو مێژووە. بێگومان ئەمەش دیاردەیەکی ئاساییە، چونکە هەموان ئەو ڕاستییە دەزانین، کە ئافرەتان نیوەی کۆمەڵگەن و دایکی نیوەکەی دیکەیشیانن و بەشێکی گرنگ و بنچینەیی ژیانی کۆمەڵایەتین. هەموومان لە ئافرەت بووین و ئافرەت واتە ژیان. هەربۆیە باس وخواس دەربارەی ئافرەتان لە هەموو سەردەمێکدا هەر بووە و هەر دەبێت. کێشەی ئافرەتان لەنێو کۆمەڵدا، نەخش و گرنگییان لەنێو خێزان و ژیانی کۆمەڵایەتیدا، هەمیشە شایستەی لێدوان و باسکردن بووە. ئەم پڕۆسەیە ململانێیەکی سەرەکیی ژیانە و هەر بەردەوامە و بێ کۆتاییە. بەکورتییەکەی واتە و ناوەڕۆکی ئەم گوتە بەناوبانگە جێگای سەرنج و تێڕامان بووە، لەم کورتە نوسینەشدا کە ئاماژەی پێکراوە، تەوەری سەرەکیی مەبەستەکەیە. ئەم گوتەیە، گوایە بۆ بەرژەوەندیی ئافرەتان، گوتراوە. بەڵام لەڕاستیدا ناوەڕۆکی واتەی ئەم گوتەیە خۆی لەخۆیدا کەمکردنەوە یان شاردنەوەی نەخش و تواناکانی ڕەگەزی مێینەیە لە دەربڕینێکی چەواشەکارانە و ئاڵۆزدا. با لێرەدا بپرسین و بڵێین: بۆچی هەر دەبێت ژن لە پشتی پیاوێکی مەزنەوە بێت!؟ هەر لەبنەڕەتدا بۆچی ژن لەپشتی پیاوەوە بێت!؟ ئەی ژنان یان کچان بۆچی خۆیان لەپێشەوە نەبن و خۆیشیان وەک پیاو یان ڕەگەزی نێرینە، یان بابڵێین، هاوڕەگەزە مرۆڤەکانیان، نەتوانن مەزن و ژیر و زیرەک و ئازا و بەتوانا و لێهاتوو و سەرکردە و بلیمەت و داهێنەر و بەناوبانگ بن!؟ بۆچی هەر دەبێت لە دوای ڕەگەزی نێرەوەبن، تا بتوانن ئەوە بسەلمێنن کە ئەوانیش هەن!؟ لەڕاستیدا بێویژدانی و نایەکسانی و نادادپەروەرییەک لە نێو ئەو گوتەیەدا خۆیان شاردۆتەوە. لە ناوەڕۆکی ئەو گوتەیەدا،

ڕەگەزی مێ کراوەتە پاشکۆی ڕەگەزی نێر. ڕەگەزی مێینە بۆئەوەی مرۆڤ بوون و ژیری و زیرەکی و هێز و تواناکانی بشاردرێتەوە، لەپشتی پیاوێکی گوایە مەزنەوە شاردراوەتەوە. ئەم گوتەیە وەکو ئەوە وایە بگوترێت:(لەپشتی هەر فڕۆکەوانێکی نێرینەی ئازا و سەرکەوتووەوە، مێینەیەک هەیە)، هەر وەکو ئەوەی ڕەگەزی مێینە نەتوانن وەکو ڕەگەزی نێرینە، ببنە فڕۆکەوان. یان فڕۆکەوان لەنێو ڕەگەزی مێینەدا نەبێت!؟ ئەمڕۆ لەنێو هەموو کۆمەڵگاکاندا، ڕەگەزی مێینە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەشدار و چالاکە. لە زۆربەی لەشکر و سوپا و کۆمپانیا فڕۆکەوانییەکاندا، ژمارەیەکی بەرچاو لە رەگەزی مێینەش پشکدارن و وەکو پێویست نەخشی خۆیان دەبینن. پرسیارەکە لێرەدا ئەمەیە: ئەگەر مرۆڤ هەر مرۆڤە و هیچ جیاوازییەک لەنێوان رەگەزی نێرینە و رەگەزی مێینەدا نییە و هەردوو لا هەر مرۆڤن، ئەی ئەگەر وایە، بۆ باسی یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان ناکرێت لە بواری مافەکاندا، لە تواناکاندا، لە ژیری و زیرەکی و ئازایەتی و لێهاتوویی و داهێنەری و داهێنان و بەناوبانگیدا، ئەوەی رەگەزی نێرینە دەتوانێت ئەنجامی بدات، لە کرداردا، لە ئاخاوتن و نووسین و بیرکردنەوەدا، ڕەگەزی مێینەش بەهەمان شێوە دەتوانێت ئەنجامی بدات. مێژووی مرۆڤایەتی لێوان لێوە لە بەتوانایی و ئازایەتی و لێهاتوویی و داهێنەری و ژیری و زیرەکی و میهرەبانی و خۆشەویستیی و دادپەروەریی رەگەزی مێییە. ڕەنگە ئێرە شوێنێکی لەبار نەبێت بۆ ریزکردنی ناوی هەموو ئەو ئافرەتە گرنگ و بەناوبانگ و داهێەر و سەرکردە و لێهاتووانەی مێژوو کە بەشێکی گەورە و گرنگی مێژووی مرۆڤایەتییان پێکهێناوە. بەڵام پێویستە و دەبێت ئەو ڕاستییەش باس بکرێت کە ئافرەتانیش هەر دروستکەری مێژوون و خۆیان بەشێکی مەزن و کاریگەری مێژووی مرۆڤایەتین. ئەوە ڕاستییەکی بەڵگەنەویستە کە هەموو مرۆڤێک لەدایکبوو و نەوەی دایک و باوکێکە، بەڵام پشکی دایک زۆرتر و گەورەترە لە بوارەکانی بەخێوکردن و پەروەردەکردندا، لە دادپەروەری‌دا،لە میهرەبانی و نەرمونیانی و سۆز و خۆشەویستی پێبەخشیندا. بەپێچەوانەی ئەمەوە، مێژووی مرۆڤایەتی لێوان لێوە لە شەڕ و جەنگ و خوێنڕشتن و کوشتوکوشتار و سوتاندن و ماڵوێرانی کردن لەلایەن رەگەزی نێرەوە. لەڕابردوو و ئێستاشدا، لەشکر و سوپا شەڕکەرەکان، هێزەکانی پۆلیس، ئاسایشی چەکدار، ئەمانە بەزۆری هەر لەلایەن رەگەزی نێرینەوە پێکهێنراون. لەم رووەوە رەگەزی مێینە خۆشبەختانە، کەمترین پشکی زەبروزەنگی نامرۆڤانەی لە خوێنڕشتن و کوشتوکوشتار و شەڕ و جەنگ و سوتاندن و ماڵوێرانکردنی بەردەکەوێت. ئەمەش رابردوو و ئێستایەکە کە هەموو دایکان و خوشکان و ژنان و کچانی مرۆڤایەتی بۆیان هەیە شانازیی پێوە بکەن. هیچ شانازییەک لە زەبروزەنگ و شەڕ و جەنگ و خوێنڕشتن و سوتاندن و ماڵوێرانکردندا نییە. بەڵام شانازیی لە گیانی نەرمونیانی و لێبووردەیی و میهرەبانی و ڕێز و سۆز و خۆشەویستی و مناڵ بەخێوکردن و پەروەردەکردن و بنیادنان و ئاوەدانکردنەوەدا هەیە، کە رەگەزی مێینە لە زۆربەی ئەم بوارانەدا هەمیشە پشکی شێری بەرکەوتووە و هەمیشەش هەر پشکی شێری بەردەکەوێت. لێرەدا با بێینەوە سەر لێدوان لە وتەکە، ئایا ئەگەر ئەو وتەیە بەپێچەوانەوە بووایە، چی دەبوو و چیی دەگەیاند؟ ئەگەر ئاوا بوایە: (لەپشتی هەر ژنێکی مەزنەوە، پیاوێکی مەزن هەیە). ئەمەش هەر ئەوەی دەگەیاند کە رەگەزی مێینەیە، بێهێز و لاواز و باوەڕبەخۆنەبوو و نالێهاتوو و بێتوانایە و هەر دەبێت پیاوێک، رەگەزێکی نێرینە پشتیوانیی لێبکات تا بتوانێت دەربکەوێت و نەخشێک لە ژیان و کۆمەڵگادا ببینێت. ئایا ئەوسا ئەم وتەیە بەم شێوەیە، لەلایەن ژنان و کچانەوە پەسەند دەکرا؟ پێیان خۆش دەبوو؟ باوەڕیان پێی دەهێنا؟. هەروەها بۆ پیاوانیش هەر هەمان شت دەبوو. بێگومان بە رەهایی، ناتوانین بڵێین بەڵێ، چونکە گریمانەی بەڵێ، زۆر کەم و کز و لاوازە. هەرچۆن بێت، ئەو وتەیەی یەکەم، بۆ هەر مەبەستێک و لەلایەن هەر کەسێکەوە وترابێت، واتا و ناوەڕۆکەکەی هەر هەڵخەڵەتاندن و فریودان و رازی کردنی رەگەزی مێینە،بە پاشکۆیەتیی پیاوان و هەر نێرسالاری دەگەیەنێت. لەمێژە ئەو هەست و سەرنجەم لەلا پەیدا بووە کە واتە و ناوەڕۆکی ئەو وتەیە، بێویژدانی و فڕوفێڵێکی پیاوسالارییانەی تێدا شاردراوەتەوە. هەروەها دەتوانین ئەوەش بڵێین کە ئەو وتەیە، بەشێوازێکی ئاڵۆز و چەواشەکارانە، نایەکسانی و نادادپەروەرییەکیشی لەخۆگرتووە. لەکۆتاییدا پێمخۆشە ئەوە بڵێم، تۆی خوێنەری بەڕێز، کە ئەرکی خوێندنەوەی ئەم کورتە نوسینەت کێشاوە، هیوادارم هەر تەندروست و تەمەندرێژ و بەختەوەربیت.

بەختیاری شەمەیی


## تاراوگە بڵاوکراوەیەکە:

دەنگ و ڕەنگی هەموو کوردانی تاراوگەیە، بەبێ جیاوازی ئینتمایی سیاسی و حیزبی، هەموو زانیاری و ئاگاداریەک و بابەت و هەواڵی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هونەری بڵاودەکاتەوە، لە ئێستادا بە شێوەی ئەلەکترۆنی بڵاودەبێتەوە، تاراوگە بەرپرسیار نییە لە ناوەڕۆکی نوسین و ئینتمای سیاسی نوسەری بابەتەکان، چاوەڕێی نوسینە بە پێزەکانتانین.

# نوێ: ناسا لە کۆتایی ئەم مانگە هەنگاوێکی تری گەورە دەچێتە پێشەوە

## لە پشکنینی وردی هەسارەی مەریخ....!


لوقمان حەویز- تێکساس



ناسا لە کۆتایی ئەم مانگە کەشتی Insight لەسەر هەسارەی مەریخ دەنیشێنێتەوە....

**ئامانجەکانی ناردنی ئەم کەشتیە بۆ هەسارە سورەکە چیە؟**

لەمانگی ئایاری ئەمساڵ ئاژانسی ناسا کەشتی Insight ی هەڵدا و بەڕێکرد بەرەو هەسارەی مەریخ، کە کەشتیەکی بچوکی بێ مرۆڤە... ئێستا Insight لە قۆناغی نزیکبوونەوەیە لە مەریخ و لە ڕێکەوتی 26 ی ئەم مانگە لەسەر ڕووی مەریخ دەنیشێتەوە... ئاژانسی ناسا ئەم کەشتیەی ناردووە بەتایبەتی بۆ پێوانەکردنی داتا سایزمۆلۆجیەکانی هەسارەی مەریخ، واتە ئەو زانیاریانەی پەیوەندیان بە چالاکیە جیۆلۆجیەکانی ئەم هەسارەوەیە، کەشتی ئینسایت لە ڕێگەی سایزمۆمیتەرێکی زۆر هەستیارەوە هەڵدەستێت بە تۆمارکردنی جوڵەی چینەکان و بومەلەرزەکانی سەر هەسارەی مەریخ هەرچەندە بچوک بن یان بەهێز، لە ڕێگەی تولێکی هەستیار و تیژیش کە بۆ قوڵایی 15 پێ دەچێتە خوارەوە لەڕووی سەرەوە بۆ ناو ناخی هەسارەکە و ئەو گەرمیە پێوانە دەکات کە لە ناوک و کڕۆکی مەریخەوە دروست دەبێت و دەردەچێت، هەروەها کەشتی ئینسایت هەڵدەستێت بە تۆمارکردنی بەرکەوتنی بەردە نەیزەکان بەو هەسارەیە هەرچەندە بچوک بن لەڕێگەی تۆمارکردنی شەپۆڵەکانی ئەو بەریککەوتنەکانە، چالاکیە جیۆلۆجیەکانی تریش تۆماردەکات کە ڕوودەدەن لەسەر هەسارەی سور... لە ئێستادا سەر ڕووی هەسارەی مەریخ یەک پارچە بیابانی سارد و ووشکە و بەرگە هەوایەکی زۆر تەنکتری هەیە لە گۆی زەوی و زۆریەی پێکهاتەکەی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنە، بەڵام بەپێی ئەو زانیاریانەی تا ئێستا کۆکراوەتەوە پێشتر گەمتربووە و ئاوی شل و ڕۆیشتووش لەسەر ڕووەکەی هەبووە...



کەشتی ئینسایت بەگشتی زانیاری و چالاکی جیۆلۆجی زۆر وورد کۆدەکاتەوە لەسەر هەسارەی مەریخ کە لەوانەیە وەڵامی هەندێک لەو پرسیارانە بداتەوە سەبارەت بەهۆکاری ئەو گۆڕانکاریە گەورانەی بەسەر هەسارەکەدا هاتووە لە ڕابردوو تاوەکو ئێستا، هەروەها بە گشتی زانیاری جیۆلۆجی بەنرخمان دەداتێ سەبارەت بە دروستبوونی هەسارە بەردینیەکانی تریش بەگشتی وەک مێرکوری و ڤینۆس، هەروەها هەسارە بەردینیەکانی تری دەرەوەی کۆمەڵەی خۆریش کە بە دەوری ئەستێرەکانی تر دەسوڕێنەوە جگە لە خۆر...

ئینسایت دوو جیاوازی گەورەی تری هەیە بەبەراورد لەگەڵ هەموو کەشتیەکانی تر کە تا ئێستا بۆ هەسارەی مەریخ نێردراون، یەکەمیان ئەوەیە کە نیشتنەوەی کۆتایی لەسەر ڕووی هەسارەکە بەهۆی ڕۆکێتەوە دەبێت نەوەکو باڵۆن، ئەمەش گەرەنتی زیاتر دەدات بە سەلامەتی ئامێرەکانی دوای نیشتنەوەی، جیاوازی دووەمیشی ئەوەیە کە بەرگەی گەردەلولە لماویەکانی سەر مەریخ دەگرێت و بەو هۆیەوە وەکو کەشتیەکانی پێشووتر لەکارناکەوێت...




بڕیارمدا ئەم کتێبەم نەفرۆشم و بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی و بە خۆڕایی بڵاوی بکەمەوە .... لە پێناو سودی گشتی تکایە زۆرترین شێری ئەم پۆستە بکەن.... ئێمە لە سەردەمێکی زۆر جیاواز دەژین، زانست و زانیاری بە گشتی هێز دەدات بە مرۆڤ و بیری ڕۆشن دەکات، بۆیە پێم وایە پێویستە هەرچەندەی بکرێت زانست و زانیاری بە خۆڕایی، خێرایی و بە ئاسانی بگەیەنرێت و بڵاوبکرێتەوە....هەروەها لەبەر ئەوەی تاکە ئامانجی سەرەکی من ئەوەیە ئەم کتێبەکەم سود بە زۆرترین خوێنەر بگەیەنێت، بۆیە بڕیارم دا بە خۆڕایی و بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی بڵاوی بکەمەوە بۆ هەموو خوێنەرێکی کورد، لە هەر کونجێکی جیهان بن.... لەوانەیە ئەگەر بە ڕێگە ئاساییەکە چاپم بکردایە، یەک دوو هەزار دۆلارێکم قازانج بکردایە، بەڵام دڵنیام تەنیا چەند هەزار کەسێک سودی لێ دەبینی، کە ئەمەش جێی نیگەرانی من بوو، بۆیە هیوادارم بەم شێوە ئەلیکترۆنیەی ئێستا بە PDF سەدەها هەزار کەس بتوانن داونلۆدی بکەن و سوودی لێببین، فایلەکە هەموو کتێبەکە لە خۆوە دەگرێت زۆر بە ئاسانی بە هەموو مۆبایلێک دەکرێتەوە.... بە داخەوە لە کوردستان بە گشتی زانیاری تاکەکان لەبواری زانستی گەردووناسی لە ئاستێکی نزمدایە، لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتن و بەرە پێشچوونە نوێیە بەردەوامانەی لەم چەند دەیەی ڕابردوو لە جیهان ڕوویانداوە، هەر لەبەر ئەوەش بووە دەمێکە من ئاواتەخوازبووم کتێبێک بنوسم دەربارەی بنەماکانی زانستی گەردووناسی و تیایدا زانیاری نوێ و ورد و دروست بە شێوەیەکی پوخت و سادە بخەمە ڕوو، بە جۆرێک هەموو هاوڵاتیان بتوانن سوود لە خوێندنەوەی ببینن، من خۆم هەر لە منداڵیەوە شەیدای زانستی فیزیا و گەردوون ناسی بووم، هەمیشە پێم خۆش بووە هاوڕێیانم و کەسەکانی دەوروبەرم ئاشناییان هەبووبێت لەگەڵ ئەم زانستە سەرنج ڕاکێشە.... کتێبەکەم زانیاری ورد و نوێ و سەرنجڕاکێشی تێدایە لەسەر کۆی بابەتەکانی گەردووناسی، دەکرێت ببێتە دەرگایەک یان بنەمایەک بۆ گەردوون ناسی، هەوڵم داوە هەموو بابەتەکان وەکو ستایلی نوسینەکانم بە زمانێکی کوردی پاراو، شێوەیەکی سادە، بە چێژ و بە کۆمەڵێک بەراوردی بخەمەڕوو.... ئەم کتێبە بۆ هەمووکەسێک بە خۆڕاییە، هیوادارم کتێبخانەکان، قوتابخانەکان، هەروەها قوتابیانی زانکۆ لە بەشەکانی فیزیا و جوگرافیاش سوودی لێببینن، هەر یەکێک بیەوێت بۆ خۆی دەتوانێت لەسەر ئەرکی خۆی کۆپیەکی لێ چاپ بکات، کتێبخانەکان و قوتابخانەکان لە پێناو سوودی گشتی دەتوانن چەندەی پێویستیان بێت چاپی بکەن و بڵاوی بکەنەوە، تەنیا تکام ئەوەیە لە کاتی چاپکردن دەستکاری زانیاریەکانی سەر بەرگەکە و ناوەرۆکی کتێبەکە نەکرێت.... جگە لە نوسینێکی تێر و تەسەل لەسەر هەر بابەتێک لە کتێبەکە، هەوڵم داوە زۆربەی هەرە زۆری بابەتەکان دەوڵەمەند بکەم بە وێنەی نوێ، جوان، ڕەنگاوڕەنگ و سەرنج ڕاکێش .... لە ڕێگەی ئەم سایتەی خوارەوە بە ئاسانی دەتوانن تەواوی کتێبەکە بە یەک فایلی PDF بە ئاسانی داونلۆد بکەن بۆ ناو مۆبایلەکانتان یان کۆمپیوتەرەکانتان، لە هەر کات و شوێنێک بتانەوێت دەتوانن بە ئاسانی بابەتەکانی بخوێننەوە... ناونیشانی سایتەکە:

www.LukmanHawez.org

# سەرمایەی نەتەوەیی بناغەی سەربەخۆیی نەتەوەییە

# "کەڵەکە بوونی سەرەتایی سەرمایە" لە هەرێمی کوردستان

دەگمەن نوسەرانی خۆمان و بێگانەش بیریان لە سەرمایەو سەرمایەداری کورد کردۆتەوە، لەم نووسینەدا هەوڵ ئەدەم خوێندنەوەیەکی سەرەتایی بۆ دروست بوون و کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایەو پەیدابوونی سەرمایەدارانی کورد بە تایبەتی لە (هەرێمی کوردستان) وەک چین و توێژێک بخەمە ڕوو .

بە پێی زۆرینەی سەرچاوە مێژوویی و ئابووریەکان دوو هۆکاری بنەڕەتی و سەرەکی بوونەتە هۆی کەڵەکە بوونی سەرەتایی سەرمایە ، یەکەمیان: ناپوتبوون ڕمانی سیستەمی دەرەبەگایەتی کە بووە هۆی پەیدابوونی ژمارەیەکی زۆری جووتیاری بێ کار و دەست بەتاڵ و ئامادەبوونیان بۆ کارکردن بە شێوەی گرێ گرتە. دووەمیان: داگیرکاری وولآتان و پەرەسەندنی پرۆسەی بازرگانی. بێگومان جگە لەو هۆکارانە چەندین هۆکاری دیکەی لاوەکی یارمەتیدەری پرۆسەکە بوون ، بەڵام ئەو دوو هۆکارەی سەرەوە بوونە بەردی بناغە بۆ سەرهەڵدانی سیستەمێکی نوێی ئابووری کە بە سیستەمی ئابووری سەرمایەداری ناسراوە. ئەم پرۆسەیە لە ئەوروپا لە نیوەی سەدەی پازدەیەمەوە تاکو کۆتایی سەدەی هەژدەیەمی خایاندووە. بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە مێژوو بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن و بە چ شێوەیەک ئەوروپییەکان وولآتانی تریان داگیر دەکرد کە ئامانجی سەرەکیان لێی دۆزینەوەو بەتاڵانکردنی سەرچاوە کانزایی و سروشتیەکانیان بوو ، کە ئەنجامەکەی بە کۆڵێنکردن و کۆیلەکردن و چەوساندنەوەی گەلان و دانیشتووانی کۆڵۆنیەکان کۆتایی هات. ئەوەی جێگەی ئاماژە پێدان (کوردستان هەر لەو کاتەوە تاکو ئەم ساتەش سەروەت و سامانی تاڵان دەکرێت؟) بەم شێوەیە سەروەت و سەرمایەیەکی زۆر لە چنگی چەند دەوڵەت و کەسانێکدا کەڵەکەی کرد واتا دەتوانین بڵێن لەو قۆناغەدا پرۆسەی کەڵەکە بوونی سەرەتایی سەرمایە لە ئەوروپادا کۆتایی پێ هات. هەر ئەو سەرمایەیە بوو کە بواری بۆ شۆڕشی پیشەسازی ڕەخساند و بووە هۆی پێشخستن و گەشەکردنی بەرهەمهێنان./ کارڵ مارکس– لە بەرگی سێیەمی کتێبی سەرمایەدا به ناونیشانی " یاسای کەڵەکەبوونی سەرمایە"/ بە شێوەیەکی چڕوپڕ ئەو پرۆسەیەی شیکردۆتەوە/ بە هەرحاڵ مێژوو میکانیزمی پرۆسەی کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایە لە ئەوروپاو جیهاندا ، تەوەری نووسینەکەی ئێمە نییە ، بەڵکو تەوەری نووسینەکەمان باسکردنە لە سەر پرۆرسەی کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایە لە باشووری کوردستاندا.

هەرچەندە سەرچاوەیەکی مێژوویی و ئابووری و داتایەکی ئەوتۆمان لە بەردەستدا نییە کە ئاماژە بە پرۆسەی کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایە لە کوردستان بە گشتیی و هەرێمی کوردستان بە تایبەت بدات.لەگەڵ ئەوەشدا، (ئێمە لەلای خۆمانەوە بۆ یەکەم جار خوێندنەوەیەکی سەرەتایی بۆ ئەو بابەتە گرنگ و هەستیارە دەکەین و دەرگایەک لەسەر ئەو بابەتە گرنگە دەکەینەوەو هیوادارین بە یارمەتی شارەزایان و پسپۆڕانی بوارەکەو هەموو کەسەکانی دیکە دەوڵەمەندتری بکەین).

دیارە بێ بکەر هیچ کردارێک ڕوونادات، سەرمایەش بێ سەرمایەدار نایەتە کایەوە. پەیدابوون و سەرهەڵدانی سەرمایەدار یاخود (بورژوا) لە ڕۆژهەڵاتدا وەک چین و توێژێک لەچاوو ئەوروپادا زۆر دواکەوت.لەبەرئەوەی کوردستانیش بەشێکە لە ڕۆژهەڵات ، ئەوا دەرکەووتنی ئەو چین و توێژە لە کوردستاندا تا ڕادەیەک دواترکەوت وەک لە وولآتانی تری ناووچەکە. دیارە چەند هۆکارێکی گرنگی وەک : (هەڵکەوتی جوگرافیی و نەبوونی دەروازەی دەریایی و پەیوەندی توندوتۆڵی دەرەبەگایەتی نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆو هۆکارە دەرەکییەکانی دیکەش..) بوونەتە هۆی دواکەوتنی پرۆسەکە لە کوردستاندا. بەڵام ئەوەی دەیزانیین ئەوەیە کە ، کوردیش وەک میللەتانی تر هەر لە سەرەتاوە چالاکی ئابووری نواندووەوە مومارەسەی بازرگانی کردوە، گەڕیدەی ناوداری تورک " ئۆلیا چەلەبی" لە (سیاحەتنامە) دا ، ئاماژە بە پەیوەندی بازرگانی کورد لەگەڵ مەڵبەندو ناووچەکانی نزیک کوردستانی داوە ، ئەوەی لێرەدا گرنگە تێبینی بکەین ئەوەیە کە ( بازرگانی بناغەی پەیدابوونی هەر سەرمایەیەکە ) بەداخەوە مومارەسە بازرگانیەکانی کورد لە کۆندا نەبۆتە هۆی پەیدابوونی سەرمایەداری کورد بە مانای خۆی ، بۆیە ئەو قۆناغە تێدەپەڕێنیین و دێنە سەر ، قۆناغی دوای ڕاپەرینە شکۆدارەکەی ساڵی (١٩٩١) ، لەو کاتەوە کوردستان کەوتە قۆناغێکی نوێ جیاواز لە سەردەمەکانی تر، چونکە لەو کاتەوە ئابوری کوردستان دابڕا، لە ئابوری حکومەتی ناوەند، ئەمەش بووە خوڵقاندنی بێسەروبەری



دکتۆر نەهرۆ عەلی
سەرۆکی ئینستیتوتی گەشەی وڵات
بۆ لێکۆڵینەوەی ئابوری و دارایی

و تێکچوونی باڵانسی نێواندا و خستنەڕوو لە بازاڕەکانی هەرێمدا، بە تایبەتی کەمی خستنەڕووی پێداویستییە سەرەکیەکانی خەڵکی: وەک خۆراک و پۆشاک و دەرمان و ...هتد. لە لای خۆیەوە زۆربوونی داوا لە سەر ئەوکاڵایانە بووە هۆی خوڵقاندنی قەیرانی ئابووری و بڵاوبوونەوەی هەژاری و بێکاری و ...هتد. (بە بۆچوونی ئێمە هۆکاری ئابووری و قەیرانی ئابووری دوای ڕاپەڕین سەرەکیترین هۆکاری هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ بوون؟) ئەم بارودۆخە هەلومەرجێکی گونجاوی خوڵقاند بۆ بازرگانە کوردەکان تاکو بتوانن سەرمایەی نەختینە کەڵەکە بکەن و موڵک و ماڵ و زەوی و زار بە نرخێکی هەرزان بکڕنەوە ، دواتر لە ساڵی (١٩٩٦)دا، بەهۆ بەرنامەی (خۆراک بەرامبەر نەوت) لێپرسراوە حکومی و حیزبیەکانیش توانیان سەرمایەی نەختینەیی خۆیان زیاد بکەن ، ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ هاتنە کایەی کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایە لە هەرێمی کوردستاندا. پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و ڕمانی ڕژێمی سەدام حسێن ، پاڵنەرێکی تر بوو بۆ هاتنە کایەی قۆناغێکی نوێتر ، ئابووری کوردستان جارێکی دیکە بە جکومەتی ناوەندیەوە بەسترایەوە ، بەهۆی ڕۆڵی سەرکردایەتی سیاسیی کورد لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراقدا، توانرا بەشێکی یاخود پشکێکی باش لە دەسکەوتی نەوتی عێراق بۆ هەرێم دابین بکرێت، کە (١٧%) ی بودجەکەی دەگرتەوە. جگە لە دەستکەوتە ناوخۆییەکانی تری هەرێم، هەموو ئەو فاکتەرانە و بەرقەراری ئارامی و ئاسایش لە کوردستاندا و بازرگانیکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتانی دیکەی جیهاندا و چەندان فاکتەری دیکەی جیۆپۆلیتیکی و جیۆئیکۆنۆمیکی و ململانێی نێوان وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەت (ئێران و تورکیا) وڵاتە زلهێزەکانی تری جیهان، بە تایبەتی

# خەڵکە بەتەمەنەکان ڕاست دەکەن، کە دەڵێن حەزرەتی ئیبرایم کورد بووە؟




که منداڵ بووم، له ناو کۆڕی بەتەمەنەکاندا چەندین جار گوێم لێبووە کە گووتراوە حەزرەتی برایم کورد بووە. نازانم ئەو بۆچوونە لەسەر چ بنەمایەک لە ناو بەتەمەنەکاندا دروست بوو بوو بەڵام زۆر جار دەگووترایەوە. ئەمڕۆش زۆر جار ئەو بابەتە دێتە پێشەوە و خەڵک دەکەوێتە پرسیار کە تا چەند ئەو بۆچوونە ڕاستە. بەڵام پێش ئەوەی کە باس لە ڕەگەزی حەزرەتی برایم بکەین، دەبێت ئەوە بزانرێت کە جیاوازی نێوان بۆچوونی پیاوی ئاینی و مێژوونوس سەبارەت بە کەسایەتیە ئاینیەکان لەوەدایە، پیاوی ئاینی هەر کەس لە کتێبە ئاینیەکاندا باس بکرێت ئەو بەپێی ڕۆڵەکەی خۆی بە ڕاستی دەزانێت. بەڵام مێژوونوس بەپێی ڕۆڵی خۆی دەبێت پرسیار بکات، سەرەتا ئایا ئەو کەسایەتیە لە مێژوودا بوونی هەبووە یان نا و بەڵگەنامە هەیە پشتگیری لە بوونی کەسەکە بکات؟ لە ڕاستیدا چەندین سەرچاوە دۆزراوەتەوە کە پشتگیری لەوە دەکات حەزرەتی برایم بوونی هەبووبێت لە مێژوودا و لە نزیکی ٣٢٠٠ بۆ ٣٥٠٠ پێشتر ژیاوە و دەشێت دێرینتریش بێت. بەپێی تەورات ناوی سەرەتا بریتی بووە لە ئەبرام (Abram) دوایی خوادا ناوی گۆڕیوە بۆ برایم/ئیبراهیم (Abraham). بەپێی جووەکان ناوی یەکەمیان (ئەبرام) بە زمانی عیبری مانای (باوکە گەورە) دەدات و ئەوی تریان (برایم/ئیبراهیم) مانای (باوکی نەوەیەکی زۆر) دەدات. نازانرێت ئەگەر ناوەکە لە کوردی کۆندا مانای دابێن یان نا، بەڵام شێوە کۆنەکەی لە کوردستاندا وەک ناوی کەس بەکارهاتووە. هەتاوەکو سەرەتای سەدەی بیستەم، لە ناو هەورامیەکاندا وا باو بووە کە لە بنەچەدا هەورام/ئەبرام و قەندول/کەندوڵ دوو برابوون، لە ناوچەی دەماوەندەوە هاتوونەتە هەورامان. مەیجەر سۆن لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەو چیرۆکەی لە هەورامیەکان بیستووە. لە ڕووی زمانەوانیەوە ڕێی تێدەچێت کە ناوی هەورامان پەیوەندی هەبێت بە ناوی (هەورام/ئەبرام) وە. لەبەر ئەوەی کە ناوی هەورامان پێکهاتووە لە (هەورام/هۆرام+ان). پاشگری (ان) ئاماژەیە بۆ شوێن/ناوچە لە زمانی کوردیدا هەر وەک لە ناوەکانی وەک (حاجی ئۆمەران، بەرانان، ولیان، قەشان...) دا دەبنیرێت. هەروەها لە ناوچەی کرماشان هۆزێکی کوردی بە ناوی قەندول/کەندوڵ هەیە. لێرەدا مەبەست لەوە نیە کە هەورامان بە ناوی حەزرەتی برایمەوە نرابێت، بەڵکو مەبەست لەوەیە کە ناوی هەورام/ئەبرام کە شێوە کۆنەکەی ناوی حەزرەتی برایمە و لە تەوراتدا ئاماژەی پێکراوە وەک ناوی سەرەتایی ئەو حەزرەتە و لە قورئاندا باس نەکراوە، لە کوردستاندا ئەو ناوە بە شێوە هەرە دێرینەکەی هەبووە و کەسایەتیەکی ناوچەیەکی کوردستان ئەو ناوەی هەبووە. ناوی باوکی برایم بەپێی تەورات بریتی بووە لە تێرا/تارح/تارخ (Terah) کەچی لە قورئاندا ناوەکە بریتیە لە (ئازەر). ئەم دوو ناوە جیاوازە بووەتە مایەی مشتومڕ لە نێوان کەسایەتیە ئاینیە موسوڵمانەکاندا و چەندین بۆچوونی جیاوازی لێ هاتۆتە گۆڕێ. هەندێک دەلێن باوکی حەزرەتی برایم ئەو دوو ناوەی هەبووە و هەندێکی تر بە توندی ناوەکەی تر ڕەتدەکەنەوە و تەنها (ئازەری) ی قورئانیان قبوڵە و هەندێکی تر دەڵێن دەشێت هەر هەمان ناو بێت و گۆڕانی بەسەردا هاتبێت و مشتومڕ بەردەوامە بێ ئەوەی کە کەسایەتیە ئاینیەکان بگەنە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە. لە ڕاستیدا کێشەکە کێشەی زمان و مێژوو و تێگەیشتنە لە زمانی کوردی کۆن و نوێ و زمانەکانی ناوچەکە. لەبەر ئەوەی کە هەردوو ناوەکانی باوکی برایم مانای (ئاگر) دەدەن بەڵام تەورات و قورئان لە دوو سەردەمی جیاوازدا نووسراون. یەکەمیان وشەی تێرا/تارح بە زمانی هوری بووە کە لە بنەچەدا وشەکە (تاری) بووە و لەو زمانەدا مانای ئاگر دەدات لە زمانی کوردی/میدیدا دەبێتە (ئاتەر). ئەو ناوە لە تەوراتدا لە سەردەمی دێرین و هوریدا نووسراوە لەبەر ئەوەی، کە تەورات لە سەردەمی برەوی فەرهەنگی هوریدا نووسراوە. شێوەکەی قورئان کە بریتیە لە (ئازەر) نوێترە و بە هەمان شێوە مانای ئاگر دەدات بەڵام دەشێت بەهۆی کاریگەری زمانی پەهلەویەوە کە بە ئاگر دەڵێن (ئادور) کرابێتە عەرەبی و بە (ئازەر) نووسرابێت و دەشێت هەر لە (ئاتەر) ی میدی/کوردیەوە لە عەرەبیدا کرابێتە (ئازەر). بۆیە هۆکاری بوونی دوو ناوی جیاواز بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دوو ناوی هەمان کەس لە دوو سەردەمی جیاوازدا بە هەمان مانا بووە. چیرۆکی حەزرەتی برایم بەپێی تەورات و بیروبڕوای ناو جووەکان کورتەکەی بەم جۆرەیە. باوکی برایم پەیکەرتاش دەبێت و بت دروست دەکات و دەیانفرۆشێت. حەزرەتی برایم بیر و بڕوای دەگۆڕێت و دەبێتە یەکتاپەرست و بڕوای بە بتەکان نامێنیت. بۆیە ڕۆژێک هەموو بتەکانی باوکی دەشکێنیت جگە لە گەورەکەیان نەبێت. کە باوکی دەگەڕێتەوە دەڵێت کێ ئەو بتانەی شکاندووە، حەزرەتی برایم دەڵێت ئەو بتە گەورەیە ئەوانی تری شکاندووە. دواتر باوکی توڕە دەبێت و دەڵێت ئەو بتە ناتوانیت ئەوە بکات، بەو جۆرە باوکی هەست دەکات تێکەوتووە. لە کاتێکدا کە پێی وایە بت ناتوانێت توانای هەبێت کەچی ئەم دەیپەرستێت. باوکی توڕە دەبێت و ئەو مەسەلەیە دەگەیەنێت بە نەمرود. نەمرودیش دەستبەجێ برایم دەخاتە زیندانەوە و هەتاوەکو ئەو کاتەی دەیخاتە ناو ئاگرەوە. بەو جۆرە حەزرەتی برایم دەخرێتە ئاگرەکەوە و بێ هیچ سوتاویەک لە ئاگرەکە دێتە دەرەوە. چەندین سەرچاوەی مێژوویی ئیسلامی دێرین (نەک قورئان) دەڵێن ئەو کەسەی کە حەزرەتی برایمی سوتاندووە، پیاوێکی کورد بووە. لە ڕاستیدا حەزرەتی برایم لە ناو خەڵکی خۆیدا بووە و خەڵکەکە هاوخوێنی بوون، بۆیە ناکرێت ئەو کەسەی سوتاندوویەتی کورد بووبێت و حەزرەتی برایم کورد نەبووبێت. دوو شوێن بە لە مێژوودا ئاماژەی پێ دەکرێت کە پەیوەست بێت بە حەزرەتی ئیبرایمەوە. یەکێکیان شوێنێکە لە نزیک شاری (ور/ئور) ی باشوری عێراق کە ئێستاکە پێی دەڵێن تەل برایم (تل ابراهیم). هەروەها شارۆچکەی حەڕڕان لە نزیک شاری ئورفەی باکوری کوردستان. زۆرینە لەسەر ئەوە کۆکن کە حەزرەتی برایم لە حەڕران لە نزیک ئورفە لە باکوری کوردستان لەدایکبووە و دواتر چووە بۆ شاری (ئور/ور) لە باشوری عێراقی ئەمڕۆ. هەندێک مشتومڕ لەسەر ئەم بۆچوونە هەیە و هەندێک دەڵێن بە پێچەوانەوە بووە. بەڵام بە گشتی لە دایکبوونی لە شاری حەڕڕان زیاتر پشتگیری دەکرێت. ئەوەی بۆچوونی بنەچە حەڕڕانی حەزرەتی برایم بەهێز دەکات ئەوەیە کە لە تەوراتدا حەزرەتی برایم کاتێک کە دەیەوێت ژن بۆ ئیسحاق و کوڕەکانی تریشی بهێنێت، دەڵێت نامەوێت ژن لەناو کەنعانیەکاندا بۆ کوڕەکانم بهێنم و لە حەرران ژن بۆ کوڕەکانی دێنێت. کە ئەوە هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە کە حەزرەتی برایم کەسوکارەکەی خەڵکی ئەو شارۆچکە کوردیەی باکوری کوردستان بوون. بەڵام دوایی لە تەل ئیبراهیم لە نزیک شاری کوتی ئیمڕۆ چیرۆکی خستنە ئاگرەکەی باس دەکرێت. ئەوەی مایەی سەرنجە، پەرستگەیەکی گرنگی خودایەکی پەیوەست بە بڵێسەی ئاگرەوە لە سەردەمی دێریندا لە نزیک تەل ئیبراهیم لای شاری کوتەوە بووە و هەر ئەو خوادایەش پەیوەست کراوە بە زیندووکەرەوەی مردووەوە. واتە ئەو ڕووداوەی کە تەورات ئاماژەی پێ دەکات لەوە دەچێت پەیوەندی بەوە بووبێت کە حەزرەتی برایم لە بەردەم ئەو پەرستگە و خودایە هەوڵی دادگایکردنی درابێت و پەیوەندیەک هەبێت بەو ڕووداوە و شوێنەوارە مێژووییە ئاینییەکانی ناوچەکەوە. چیرۆکی هەوڵی قوربانیدانی کوڕەکەی حەزرەتی برایمیش پەیوەندی بە ڕابردووی کوردستانەوە هەیە. بەپێی سەرچاوە جوویی و کریستیانەکان خوادا داوای لە حەزرەتی برایم کردووە کە ئیسحاقی کوڕی سەرببڕێت و بیکاتە قوربانی. سەرچاوە ئیسلامیەکان دەڵێن ئەو کوڕە ئیسماعیل بووە. جیاوازی لەسەر ناوی کوڕەکە لە نێوان ئاینەکاندا هەیە. بەڵام هەردووکیان کۆن لەسەر ئەوەی کە سەرەتا خوادا حەزرەتی برایم تاقیدەکاتەوە و داوای لێ دەکات کە کوڕەکەی سەرببڕێت بەڵام دوایی لەبڕی کوڕەکەی خودا فەرمانی پێ دەدات کە ئاژەڵێک بکاتە قوربانی. بەڵام بەپێی تەورات دوای قوربانیدار دانراوە بۆ ئەوەی کە دوایی لە ئاگردا بۆ خودا بسوتێنرێت و بکرێتە قوربانی.

پاشماوە...پاشماوە...پاشماوە...پاشماوە..پاشماوە..پاشماوە..پاشماوە..پاشماوە..پاشماوە..

پاشماوەی گوتارەکە سۆران حەمە ڕەش ل 5

لە ڕاستیدا ئەو چیرۆکەی تەورات ئاماژە بە دابونەریتێکی کۆنی کوردستان و ناوچەکە دەکات. هەتاوەکو سەدەی چوارەمی زاینی کە نزیکی دوو هەزار ساڵ دوای حەزرەتی برایمە، هەندێک سەرچاوە ئاماژە بە دابونەریتێک دەکەن کە لە کوردستاندا پەیڕەو کراوە کە تێیدا منداڵ کوژراوە و خراوەتە ئاگرەوە بۆ خودا وەک قوربانی. هەروەها لە تەورات خۆیدا ئاماژە دەکرێت بە پاشای ئاشوری سەنحاریب کە دەچێتە لای شوێنی کەشتیەکەی نوح لە چیای جودی، کە ئەو کات پیرۆز بووە، پەیمان دەدات بە خودا ئەگەر لە جەنگدا سەرکەوتوو بێت، هەردوو کوڕەکەی دەکاتە قوربانی. کوڕەکانی ئەوەیان گوێ لێدەبێت، ئەوان دەستپێشخەری دەکەن و دەیکوژن. لێرەدا مەبەست لەوەیە دابونەریتی منداڵ بە قوربانی دان، دابوونەریتێکی کۆن بووە و تا سەدەکانی چوارەمی زاینی لە ناوچەکەدا مابوو. هەروەها ئەوەی کە تەورات ئاماژەی پێ دەکات، ئەو دابوونەریتەیە و حەزرەتی برایم ویستوویەتی چیتر منداڵ نەکرێتە قوربانی بۆ خودا و لەبری ئەوە تەنها ئاژەڵ بکرێتە قوربانی. وەک ئاماژەی پێکرا، دابوونەریتەکە لە ناوچەکەدا مێژوویەکی دێرینی هەبووە و تا سەردەمانێکی درەنگ مابوو. هەروەها سەرچاوە جوویەکان دەڵێن حەزرەتی برایم لە دوو شوێن دیلکراوە. لە قاردو (کوردیان/جەزیرە و بۆتان) حەوت ساڵ و لە ئور نزیک (تەل ئیبراهیم) لە باشوری عێراقی ئەمڕۆ سێ ساڵ زیندانی کراوە. کە ئەو ناوچانە بە درێژایی مێژووی دێرین شوێنی نیشتەجێی کوردان بووە. لە ڕاستیدا یاقوتی حەمەوی حەوت سەد ساڵ لەمەبەور دەڵێت کە نیوەی شاری حللە (بابلی کۆن) کورد بووە. ئەوەی کە لە سەرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە ئەوەیە کە حەزرەتی برایم خەڵکی شاری حەڕرانی نزیک ئورفە بووە و هەر لەوێ لەدایک بووە. ئەو ویستوویەتی گۆڕانکاری لە دابونەریتی باوباپیراندا بکات، لەوێ تووشی کێشە بووە و چەند ساڵێک زیندانی کراوە. دواتر چووتە ناوچەی باشوری عێراق کە ئەو کاتە ناوچەیەکی گوتی/هوری بووە. لەوێش تووشی کێشە هاتووە و لە بەردەم پەرستگای پەیوەست بە بڵێسە و ئاگردا دادگایی کراوە بۆ بیروباوەڕەکانی کە لەگەڵ دابونەریتی باوباپیرانی نەگونجاو بووە. حەزرەتی برایم دژی قوربانیدانی منداڵ بووە بۆ خوداکان و ویستوویەتی تەنها ئاژەڵ بکرێتە قوربانی. دواتر ئەو ناوچەیەی بەجێهشیتوە و ڕووی کردۆتە ئەو وڵاتەی کە ئەمڕۆ پێی دەگووترێت ئیسرائیل. لەوێش پاش چەندین ساڵ لە ژیان، کاتێک کە ویستوویەتی ژن بۆ منداڵەکانی بهێنێت لە ناو کەسوکارەکەی لە باکوری کوردستان ژنی بۆ منداڵەنی هێناوە. ئەوەی کە ڕوونە حەزرەتی برایم خەڵکی کوردستانە و ناوی باوکیشی بە زمانی هوری تاری/تاریە بووە کە شێوە کۆنەکەی وشەی (ئاتەر) ی کوردی/میدی بووە و مانای (ئاگر) ی داوە و دواتر لە قورئاندا بە هەمان مانا کراوتە (ئازەر). بەپێی ئەوەی کە زۆرینەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەوکەسەی کە حەزرەتی برایمی سوتاند کورد بووە، ئەوە ئەو بۆچوونە بەهێز دەکات کە حەزرەتی برایم کەسێکی گوتی/هوری بووە و لە سەردەمی ئیسلامدا ئەو گوتی هوریە بە کورد ناوبراوە و وەک ئاماژەی پێکرا ئەو کەسەی کە بڕیاری سوتاندنی حەزرەتی برایم داوە نەمرود بووە و هاوخوێن بوون لەگەڵ حەزرەتی برایمدا. بۆیە حەزرەتی برایم لە ڕەگەزی باوباپیرانی دێرینی کورد بووە و کەسێکی گوتی/هوری بووە.

تێبینی:١. لە ڕاستیدا ئەم بابەتە بابەتێکی سەرنج ڕاکێشە و زۆر بابەتی ئاینی تری لێدەبێتەوە و دەمانباتە جیهانێکی فراوانەوە. بەڵام هەوڵ درا لەم واتارەدا کورت بکرێتەوە، ئەم بابەتە بە دڵنیایی کتێبێکی پێویستە. جا خوێنەری ئازیز ئێوە ئازادن کە گفتوگۆ لەسەر بابەتەکە بکەن، بەڵام من ئەوەی کە ویستوومە لە وتارەکەدا نووسیومە و بۆیە بە داوای لێبووردنەوە نامەوێت بەشداری گفتوگۆکان بکەم.

٢. من کەسێکی ئاینی نیم. بەڵام هەوڵێکی زۆرم داوە کە خۆم ئاشنای هەموو ئاینە نوێ و دێرینەکانی ناوچەکە بکەم و ڕێز بۆ بیروبڕوا و بۆچوونی پەیڕەوانی هەر یەک لەو ئاینانە دادەنێم. ئەم بابەتەش زیاتر لە ڕوانگەی کەسێکی مێژوونوسی بێلایەنەوە نووسراوە وەک کەسێک کە داکۆکی لە ڕوانگەی ئاینێکی تایبەت بکات.

٣. نابێت بەپێی پێوەر و بیروبۆچوونی ئەمڕۆ سەیری ڕابردوو بکەین. منداڵ بە قوربانی دان لە ڕابردوودا شتێکی ئاسایی بووە بۆیە لە تەورات و قورئانیشدا زۆر بە ئاسایی ئاماژە بەوە دەکرێت کە خودا داوای لە حەزرەتی برایم کردووە کە منداڵەکەی بکاتە قوربانی و سەرچاوەکانیش ئەوە دەسەلمێنن کە ئەوە دابوونەریتێکی باو بووە لە ڕابردووی ناوچەکەدا. جگە لەوە لە ناو شارستانیەتێکی وەک ڕۆمدا یەکێک لەو وەرزشانەی کە زۆر باو بووە و هەموو کەس چوون بۆ سەیری، وەرزشی زۆرانبازی بووە کە هەتاوەکو کوشتنی یەکێک لە دوو لایەنی بەشدار و زۆر ئاساییش خەڵک قبوڵی بووە.

٤. ئەوە وێنەیە وێنەیەکی خەیاڵی حەزرەتی برایم و کوڕەکەیەتی کە خەریکە دەیکاتە قوربانی و داریش لە ژێریدا دانراوە بۆ سوتاندنی بۆ خودا.

پاشماوەی گوتارەکە دکتۆر نەهرۆ عەلی ل 4

(ئەمریکاو ڕوسیا)، لە بواری وزەدا بە تایبەت (نەوت و گازی سروشتی) بوونە هۆی بووژاندنەوەیەکی گەورەی ئابووری، بە تایبەتی لە بواری بیناسازی و نیشتەجێبوون و بازرگانیدا.هەموو ئەمانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بوونە هۆی کەڵەکە بوونی سەرەتایی سەرمایە لە هەرێمی کوردستاندا. ئەوەی جێگەی گومان نیەو پێویستی بە هیچ سەلماندنێک نییە ، ئەوەیە کە " کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایە" لە هەر شوێنێک سەرچاوەکەی ناشەرعیە، دیارە کوردستانیش بەدەر نییە لەو ڕێساو یاسایانە ، ئێمە لێرەدا نامانەوێت لە ( شێوەو جۆرو میکانیزمی کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایەی بازرگان و لێپرسراوە حیزبی و حکومیی و کەسانی دیکە بکەین) چونکە ئەوە باسێکی ترەو پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی چڕوپڕتر هەیە؟ بەم شێوەیە دەتوانیین بگەینە دەرئەنجامی ئەوەی کە پرۆسەی "کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایە" لە کوردستان پێکهاتووە! مێژووی بیرو زانستی ئابووری پێمان دەڵێت هەر کەڵەکەبوونێکی سەرمایە زەمینە بۆ گەشەکردنی پیشەسازی و بەرهەمهێنان دەڕەخسێنێت ، هەر دووسەدە لەمەو پێش سەرمایەی کەڵکە بوو ، بووە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیی لە ئەوروپادا ، دەبا سەرمایەی کەڵەکەبووی کوردستانیش شۆڕشێکی پیشەسازی لە کوردستاندا بەرپا بکات، لەم قۆناغەدا ئەو ئەرکە مێژووییە هەر لە ئەستۆی سەرمایەدارە حیزبی و حکومی و بازرگانەکانی هەرێمدایە ئەگەر خۆمان ئەمە نەکەین هیچووڵاتێک و هیچ کەسێک لە بری ئێمە جێبەجێی ناکات ، چونکە ئەزموونی دونیا پێمان دەڵێت تەنها " سەرمایەی نەتەوەیی بناغەی سەربەخۆیی نەتەوەییە.. "پێش ئەوەی کۆتایی بەم نووسینە بێنم دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بدەم ، ئەویش ئەوەیە ئایا چۆن ئەو سەرمایە کەڵەکەبووەی هەرێمی کوردستان کە سەرچاوەکەی نا شەرعیی و نا یاساییە بەگەڕ بخرێتەوە، لە پێشکەوتن و گەشەکردنی ئابوری هەرێمدا. وەک دەزانیین بەشێکی زۆری سەرمایەکان چوونەتە دەرەوەی کوردستان و بەشەکەی تری شاردراوەتەوە و دەمامکی بۆ پۆشراوە، واتا گەڕانەوە و بەگەڕخستنەوەی سەرمایەکان هەروا ئاسان نییە و، بەداخەوە هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانیش لای زۆربەی سەرمایەدارە بەڕێزەکان ئەوەندە بەهێز نییە ؟ ئەی چارە..؟ بە پێی ئەزموونی زۆربەی ئەو وڵاتانەی ،کە هاوشێوەی کوردستان، سەرمایەیەکی زۆر لە دەستی کەسانی حیزبی و حکومیی و بازرگانە نزیکەکان لێیانەوە چڕ ببۆوە، بە تایبەتی وڵاتە سۆشیالیستیەکانی جاران، توانیان بە پێی یاسای لێبووردنەوە بەشێکی زۆری سەرمایە گوزاراوە و شاراوەکان بگەڕێننەوە بۆ وڵاتەکانیان، جارێکی تر لە شێوەی وەبەرهێناندا بیخەنەوە گەڕ. بۆیە ئێمە ئەم میکانیزمە تاقیکراوەیە، وەک چارەسەرێک یاخود وەک ڕێگایەک بۆ گەڕانەوەی سەرمایەکان بەباش دەزانیین و پێویستە پەرلەمانی کوردستان یاسای تایبەت لەو بارەیەوە دەربکات بێگومان، دوای (ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیەکانی هەرێمی کوردستان). دیارە ئەمەش پێویستی بە ئیرادەیەکی جدی و نەترس و ئازایانە هەیە...

# چەند هەواڵێکی ئەدەبی و هونەری لە تاراوگە

## مافی مرۆڤ و ئازادی

### لە چوارچێوەی چالاکییەکانی وەرزی ئەمساڵی"میدیا"ی ڕۆتردامدا



یانەی کوردی "میدیـــا" لە ڕۆتردام لە چوارچێوەی چالاکییەکانی وەرزی ئەمساڵی 2018، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی شاری ڕۆتردام و دەوروبەری، سیمینارێکی بۆ نوسەر و شاعیر و ڕوناکبیر محەمەد جەزا بەرزنجی، لە ڕۆژی 2018/11/04 سازکرد.

لە ژێر ناونیشانی: مافەکەنی مرۆڤ و ئازادیدا MENSENRECHTEN EN FREDE – لە سەرەتادا بۆ چوونە نێو باسەکەوە، کورتە فیلمێکی ئاماژەداری پێشکەش کرد و پاشان وەک پێشەکی، باسی لەمڕۆ کرد، کە لەگەڵ هەموو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئاسانکارییەکانی دنیای پەیوەندیکردندا، هێشتا ئەم پێشکەوتن و شۆڕشی گۆڕانکارییانە ئاشتی و ئارامی و پێکەوە گونجانی نەبەخشیوەتە کۆمەڵەی مرۆڤایەتی و دیاردەکانی خۆپەرستی، دواکەوتوویی و دەرهاوێشتەکانی ماون و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت... لەم دەرهاوێشتانەش توندوتیژی مرۆڤ بەرامبەر مرۆڤ، کە ئەمە زۆر روو دەگرێتەوە، ئەم توندو تیژییەش دەرئەنجامی داواکردنی ماف و ڕەتکردنەوەی ئەو مافە دەسازێت، جا ئیتر ئەو مافە رۆشنبیری بێت یان سیاسی، یان ئابووری، یا کۆمەڵایەتی بێت، هی تاک بێت یان گروپێک یان نەتەوەیەک بێت، لە کێشمانکێشی ژیانیشدا مرۆڤایەتی بەئێستەشەوە قوربانی زۆری داوە لەم بوارەدا، هەر بۆ چوونە نێو باسەکەش ئاماژەی بە قۆناغی دایکسالاری دا لە کۆمۆنەی سەرەتاییدا و پاشان چۆن دەرئەنجانی دابەشبوونی کار و دۆزینەوە و پەرەسەندنی ئامرازەکانی راو بەرهێنان، پیاو جڵەوی ژیانی گرتە دەست و ژن بە زۆری دوابەستەی خێزان و منداڵ بەخێوکردن و چەوساندنەوە بوو. نووسەر وەک راپۆرتەوان یان ئامۆژگارێک بابەتەکەی پێشکەش نەدەکرد، بەڵکو سەرەتا پرسی بابەتە گرنگ و سەرنجڕاکێشەکانی وەک پرسیار دەدایە ئامادەبووان و مامەڵەی لەگەڵ هەموو خوێندنەوە و بۆچوونەکاندا دەکرد.

بابەتی کۆڕەکە لەسەر توندوتیژی مرۆڤ بوو بەرامبەر بە مرۆڤ و جۆرەکانی توندوتیژی و هۆکارەکانی و دەرهاوێشتە نەیارەکانی تەکنەلۆژیای نوێ،لەگەڵ ناساندنی زاراوەی توندوتیژی بەپێی سەرچاوە فەرمی و نێونەتەوەییەکان ئاماژەی بەو دیاردە دزێوانەش کرد کە سۆشیال میدیا کارئاسانی تێدا کردووە و بوونەتە سەرچاوەی ئازار و کێشە بۆ مرۆڤایەتی، تا ئاستی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، لەم دیاردانەش لۆڤەربۆی ( کوری عاشق، ڤلۆخن و بلۆخن ( نووسین و تۆماری ڤیدیۆیی)، ئێکسپۆسن ئاشکراکردن، ئیک وۆک یان می تو (منیش هەروەها)، ئەم دیاردانە وای کردوە مافەکانی مرۆڤی تیا پێشێل بکرێت و زۆر جار قوربانی دڵتەزێنی تێدا دەکەوێتەوە، هەر بۆیە لایەنە پەیوەندیدارەکان داوادەکەن دروستترین و کورتترین رێ بۆ رێگری لەم دیاردە دزێوانە بە هاورێبوونی منداڵە لەلایەن دایکان و باوکانەوە و لەو کەشانەش دووربخرێنەوە کە تووشی کەنارگیری و ترسیان دەکات و هەمیشە دەبێت گوێ لە کێشە و ئازارەکانیان بگیرێت بێ ترس و تۆقاندن.

دوا بەشی باسەکە لەسەر توندوتیژییەکانی نێو ماڵ بوو بەرامبەر بەپیاوان، بەپێی ئاماری CBS ی هۆڵاندی ( Centraal Bureau voor de Statistiek) 80 % ژنان تووشی توندوتیژی دەبنەوە 20 % پیاوان تووشی دەبن، شایانی باسە بۆ پاڵپشتی بابەتەکە، پشتی بە ئامار و روونکردنەوەی دەزگا فەرمی و رێپێدراوەکان بەستبوو. بەشداریکردنی ئامادەبووان و خەڵکانی پسپۆر لە سیمینارەکەدا بابەتەکەی بەهێزتر کرد. کۆتایی سیمینارەکەشی بەو پرسیارە بۆ ناو ئامادەبووان کۆتایی پێهێنا کە ئایا کۆمەڵی کوردەواری ئەمرۆ ئێستا لە چ ئاستێکی پێشکەوتندایە و چەند لەم کێشانەمان جێ هێشتووە؟.

## ڕۆژی فلمی کوردی لە ئەمستردام

شەممە ڕێکەوتی 10–11–2018 کات 14:00 ی پاشنیوەڕۆ

### لە هۆڵی یانەی کوردی "میدیــا"






یانەی کوردی "میدیـــا"لە هۆڵەندا، بۆ ئەمڕۆ ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 10–11–2018 کات 14:00ی پاشنیوەڕۆ، لە هۆڵی یانەی کوردی "میدیـــا"، دیداری ڕۆژی فلمی کوردی لە شاری ئەمستردام ڕێکدەخات، کە تێیدا، بەرهەمی سینەمایی هونەرمەندانی سینەماکار کامەران جەمال بە فلمی گۆڕستان، دانا کەریم بە فلمی دورگەی مرواری، ئاوات عوسمان بە فلمی تا ئەبەد بێدەنگ و فیلمی پێکەنین و بیرچونەوە دەرهێنانی هەوراز محەمەد پێشکەش دەکەن، شایانی باسە دانا کەریم کە لە کوردستانەوە بە تایبەتی هاتووە بۆ ئەورووپا بەدیدارتان شاد دەبێت و ئەو چەند فلمە کورتەی بە دیاری بۆ کوردانی تاراوگە هێناوە تا پێشکەشی ئامادەبووانی بکات،

شایانی باسە فلمەکان ژێرنووسی ئینگلیزیان لەسەرە. هونەرمەند دانا کەریم لەدایکبووی ساڵی 1973 سلێمانی، لە چەندین فیستفاڵی نێودەوڵەتیدا، بەشداری کردووە و چەندین خەڵاتی بردۆتەوە، پاش پیشاندانی فلمەکە، ئامادەبووان دیالۆگ لەگەڵ هونەرمەند دادەمەزرێنن و لەسەر سینەمای کوردی گفتوگۆ دەکرێت، نمایشکە لەم ناونیشانەی خوارەوە سازدەکرێت:

**Adres: Buurthuis de meevaart**
**Balistraat 48a, 1094 JN Amsterdam**

بە هۆی ئەم ئیمەیڵ و ڤایبەر و ژمارە تەلەفۆنانەوە، دەتوانن پەیوەندی بکەن: ئالان ئەمین: 0655873577، ئیبراهیم عەلی سەعید: 0645262337، مەبەست جەعفەر: 0683826334 و سەردار فەتاح: 0684950807 یان ئیمەیل ئەدرێسی "میدیـــا":
kvn.midia@gmail.com

## ئێوارە کۆڕێکی ڕێزلێنان بۆ ئەو دۆستە هۆڵەندییانەی خزمەتی دۆزی ڕەوای کوردییان کردووە

هەر لە میانەی کار و چالاکییەکانی ئەم وەرزەی یانەی کوردی "میدیـــا" دا لە هۆڵەندا، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 17–11–2018 کات 14:00ی دووی پاشنیوەڕۆ لە هۆڵی یانەی کوردی "میدیـــا" لە ئەمستردام.

لە ئامادەکردن و ڕێکخستنی بەڕێز (کاک دکتۆر چیا عەباس نوری)، بۆ هەندێک لەو دۆستە هۆڵەندییانەی لە مێژەوە، خزمەتی دۆزی ڕەوای کوردییان کردووە، لەگەڵ دەستەیەک لەو کوردانەی لەسەرەتایی ساڵی ١٩٧٥ ەوە هاتوونەتە هۆڵەندا، بانگێشت دەکرین بۆ ئاخاوتن دەربارەی پێگە و شوێنی کورد و ڕۆڵی ئەو دۆستە هۆڵەندییانە، لە دوارۆژی کۆچبەرانی کورد لەم وڵاتەدا.

## هەر جارەی هونەرمەندێکی کورد



### ماموستا عەتا قەزاز

هونەرمەندی بە ئەزمون و شێوەکاری ناسراوی کورد، ماموستا عەتا قەزاز لە ساڵی 1947 لە سلێمانی، لەدایک بووە.

ساڵی 1965 چۆتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا و ساڵی ١٩٧٠–١٩٧١ بووە بە ماموستای هونەر لە قوتابخانەکانی ناوشاری سلێمانی.

لە ساڵی ١٩٧٩ ەوە بۆ خوێندن چۆتە ئیتالیا و ساڵی ١٩٨٤ بەشی شێوەکاری تەواو کردووە.

لە ساڵی ١٩٦٩ ەوە بەردەوام پێشەنگای هونەری بۆ بەرهەمەکانی لە وڵات و زۆربەی شارەکانی دنیا کردۆتەوە، ماموستا عەتا قەزاز یەکێکە لە هونەرمەند پێشەگ و سەرەتاییەکانی هونەری شێوەکاری کوردی و تایبەتمەندی خۆی لە بواری تابلۆکێشاندا هەیە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کارە هونەرییەکانی بڕوانە ئەم لینکە:

https://www.facebook.com/atahonar/about?lst=100001818168085%3A100000320420399%3A1541816081










# تاراوگە

بڵاوکراوەیەکی کوردیی هەواڵی ناوبەناوە، بەشێوەی ئەلکترۆنی لە هۆڵەندا بڵاودەبێتەوە.

TARAWGA

E–mail : sardarfatah@live.nl

HOLLAND –Amsterdam

Mob& Viber& WhatsApp: +31684950807